# یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی

- دەقی والا-

شێرکۆ بێکەس   و   هەڵۆ شێرکۆ بێکەس

"بە ڕۆحی پاك وبێگەردی هەمیشە زیندووی باوکم پێشکەشە"...

هەڵۆ شێرکۆ بێکەس

-١-

"هەمیشە لە مانگە شەوی خەیاڵەوە داهێنان و ئەفراندن هەڵهاتوون...١٤٩٣ فلۆرەنسا"

ئەوشەوە شەوێکی زیوین بوو

شەوێك بوو، تریفە لە ڕۆحی خەرمانەی مانگەوە،

ئەتکایە خوارەوە وتێکەڵی کازیوەی خەیاڵی پیاوێکی

مەنگ ئەبوو..

ئەو شەوە

مانگ مانگی چواردە  بوو

بازنەی برۆنزی ناو قوببەی سایەقە،

بێ کەلێن، خڕخڕو، گەورە بوو..

مانگ شۆخ وخەیاڵی ئەو پیاوەیش شۆختربوو.

ئەو شەوە، ئەوساتە، شار هەمووی

بێ جووڵە و..

نوستبوو.

"فلۆرەنس"

لە خەوی ڕەنگینی خۆیدا بوو.

بە تەنها "ئەو" نەبێ

دڵێك ومێشكێکی بێدار بوو

شەوێك بوو، مانگە شەو

بازنەی تریفەی، ئاوێتەی خەیاڵی

پیاوێ بوو لە خوارێ.

خەیاڵی هونەرمەند لانکەبوو

دەستی "با" یش سووك سووك و

بەنەرمی بیرۆکەی کۆرپەلەی

ناو سەری ڕائەژەند...

لەسەرێ مانگ ئاوی نێو چاوی ئەبرد و

لە خوارێش لە ژوورێ

سەعاتی لم لەسەر

مێزێکی دارینی چوارگۆشە

سەرەوخوار، لەسەرخۆ، بێ چرکە

ئەچووە ناو بلووری کاتەوە و

سەعاتی ئەو شەوەی ئەژمارد و

چاوی "تەم"

بێ ئەوەی بتروکێ

هەرلەسەر کاغەزێ لەنگەری گرتبوو

ئاسۆیی و شاقوڵی
هەرهێڵی ئەکێشا و
بازنەی دائەناو
نێوانی بازنەی ئەبەست و
لەناکاو یان بزە ئەیگرت و
یان تەواو پەست ئەبوو.
"بازنە.. وەك سینی
ناو دەستی فریشتەی خواوەند و،
بازنە.. وەکو نان،
وەکو چاو، وەکو "سەر"
بازنە و بازنە..
"داڤینشی"
ئەمجارە خەیاڵی "داڤینشی"
بۆ بزەی ئافرەتێ ناگەڕێ
وەکو "مۆنالیزا"..
بزەیەك وێنەکەی بکێشێ.
جوانیەك لە سینەو ڕووخساری ژنێك دا
هەناسەی شەیدابوون.. هەناسەی عەشق و سۆز
بەو خەڵکەی فلۆرنس هەڵکێشن
نا، نا، نا، ئەمجارە "داڤینشی"
ڕێ ڕەوی بیرۆکەی ناوعەقڵ وخەیاڵی
هەر تەواو ئەگۆڕێ .

ئەمجارە ئەو زەینە

لە ئاسمان دێتە خوارەوە بۆ سەر ئەرز

ئەیەوێ هونەرێ بەرجەستە

بخاتە سەر ڕێگا..

ئەیەوێ "شتێکیش" داهێنێ

پێشینەی نەبوبێ

ئەیەوێ ئەمجارە

ئەیەوێ "ئەسپێکی" دوو پێچکە لە تەختە

دروستکا، ئەسپێکی دارینە

تامرۆڤ بتوانێ سواری بێ و

کوێی بوێ بۆی بچێ و بگەڕێ.

ئەمجارە "داڤینشی"

خەیاڵی "دووپێچکە" لەسەریا

گێژاوی تازەیە وەرخولی تیا ئەخواو

ئەسوڕێ و ئەسوڕێ

بازنە و بازنە و هیچی تر

ئەوەتا ئەمشەویش لە شێوەی "مانگ" یشدا

هەرپێچکە ئەبینێ و

لە خەویا دوو پێچکە ئەئاژووێ..

بەرەو ژوور.. سەرەو خوار

بەڕاست و بە چەپدا، دوو پێچکە لێ ئەخوڕێ

بە کوچەو شەقامی سەرسامدا ئەگەڕێ و

نایشکەوێ..

"داڤینشی" نەیتوانی بیرۆکەی

خەیاڵی باسنەکا ودایپۆشێ.

لە کۆڕوکۆمەڵی سەر سەکۆی ڕۆژێکی خۆشدابوو

ئەڵقەیەك هاوڕێی نزیك و ناسیاوی

شارەکە لەدەوری و

"داڤینشی" خەیاڵی

هێنایە بەردەمیان

پێی وتن : چی ئەوێ و چی ئەکا

ئەیەوێت ئەسپێکی دارینە لە تەختە دروست کا

بۆ ئەوەی سواری بێ و بگەڕێ.

پێی وتن: خەیاڵم پێشینەی هەرنیە و

بیرۆکەم نەبینراو نەبیستراو تازەیە.

پێی وتن: ئەمەوێ مێژوویەك دروستکەم

خەیاڵی تیا بکەم، بەڕاستیی!

سەیر بوو..

بەڵام کەس گوێی نەگرت

سەرەتا هەموویان بێدەنگ بوون

ئەوەندەی پێ نەچوو بەخۆی وخەیاڵی

پێکەنین، گاڵتەیان پێ ئەکرد..

ناو ناوەیش بەردێکی تانەیان تێ ئەگرت

پیانوت "خەڵەفاو" پێیان وت:

داڤینشی شێت بووە..

ئەیانوت : ئەی نافڕێ؟!

بەلادا ناکەوێ؟

لە ئاسمان لێی ئەخوڕی؟

ئەی ئێمە سوار ناکەی؟

لەگەڵ خۆت نامانبەی بۆلای خوا؟

گاڵتەیان پێ ئەکرد..

تەنانەت یەك کەسیش پێی نەوت

خەیاڵت ئاوەدان!

"داڤینشی" کە سەری هەڵبڕی

سەر سەکۆ چۆڵ بووبوو..

خۆی وخۆی بە تەنها مانەوە..

کەس نەیووت

ئەو وەختەی کە خەونت دێتە دی

لە جوڵەی زەماندا

نەخشەیەك ئەگۆڕی

کەس نەبوو.. هیچ کەسێ

بێ بایەخ.. بێ بایەخ

تەماشای خەیاڵ و خەونیانکرد.

داڤینشی

هەر وەکو پشکۆیەك بیخەیتە ئاوەوە

چزەیەك.. دوو چزە و

تیلماسكێ دووكەڵ و پاشانیش خۆڵەمێش

بەو جۆرە داڤینشی

بازنەی بیرۆكەی

لەبەر یەك هەڵوەشاو

پێچكەكان شكان و

لەكەلی خەیاڵی تاساودا

مانگەكەی بەجارێ ئاوابوو.

داڤینشی

لە داخان

كاغەزی دڕان و

قەڵەمی شكان و

بیرۆكەی هەڵدایە زەریاوە و

بۆ ئەبەد بێدەنگ بوو.

-٢-

"دوای سێ سەد ساڵ، ئەو وەختەی داڤینشی"

بوو بوو بە كاسە سەرێك ومشتێ چڵ وچێو، لەساڵی ١٧٩١ دا.

ئەمجارەیان لە فەرەنسا بیرۆكەی ئەسپە دارینە لای

"كۆنت دی سیراك" سەری هەڵدایەوە، بەڵام هێشتا

زۆری مابوو ببێ بە پاسكیل.. لە نێوان ساڵانی

١٨٣٩ ــ ١٨٥٥ دا "ئەرنست میشۆ" ی داهێنەر هەر

لە فەرەنسا.. هەمان بیرۆكەی باشتر بەرجەستەكرد و

پاسكیلیش لە خەیاڵێكی ڕووتەوە بوو بەكردەیەكی

زیندوو"

ئەرنست میشۆ !

تۆ هەر نەخشەوگفتار نەبووی

تۆ هەنگاوی ناو كردار بووی

تۆ باپیرە گەورەی ئێمەی.. ئێمەی پاسكیل.

سوپاس بۆ تۆ

لە دنیادا شتێك نییە بێ دیرۆك و

بێ ڕەچەڵەك

مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەك، هەموو شتێ

ئەبێ ڕەگێكی هەرهەبێ

ڕەگی ئێمەیش دەمارێكی هەرە گەورەی

ئەچێتەوە لای دەستی تۆ..

دیسانەوە.. ئێمەی پاسكیلیش وەك ئێوە،

وەكو مرۆڤ چەندین قەومین.. چەندین ڕەگەز

سنجەر

هامبەر

لۆكس.. هتد

دوای دروست بوون لە پاش كارگە و

باركردن و سەفەری دوا چارەنووس

لە هەرشوێنێ دایان گرتین.. گیرساینەوە

لەهەر شوێنێ دەست و پێمان كرایەوە

پایەر جەستەی بزواندنین و

کەوتینەڕێ..

لە هەر خاکێکدا جێگیربووین

با ئەفریقای خواروویش بێت

ئیتر نیشتمانیی ئێمە ئەبێ بەوێ

زمانیشمان ئەبێ بە زمانی خەڵکی

ئەو وڵاتە..

ئێوەیش ناوی چی لێئەنێن بینێن

چارەنووس بێت یاخود ڕێکەوت..

بەناو زەریا و وشکانیدا قۆناغ قۆناغ

بە پاپۆڕوشەمەندەفەروئۆتومبیل بردیانین و

بەمجۆرە من گەیشتمە ناو کوردستان و

شاری کەرکوك

* " هەموو جارێ کە تەنیا بم وهەرخۆم بم

ئەڵێم خوایە بۆچی نەتبردمە وڵاتێ

دوورلەشەڕوشۆڕوکوشتار !..

بۆ بەربرۆکسل نەکەوتم ؟!

یان ئەمستردام ؟!

چ بەختێ بوو

منی فڕێدایە ئێرە ؟! "

ڕابوردوو ناگەڕێتەوە.. بەم جۆرە من ئێرەم بەرکەوت

بۆ یەکەم جار لەگەڕەکی شۆریجەدا گیرسامەوە

لەناو كوردا، من دەست و پێم كرایەوە

لەگەڕەكی شۆریجەداو، لەكۆلانێكی خشت ڕێژداو،

لەماڵێكی حەوشە گەورەی حەسار بەرزدا نیشتەجێ بووم

وەختێ گەیشتم هاوین بوو. نیوەڕۆ بوو، دنیا

قرچە قرچ ئەسوتا، خوا خوام بوو "با"یەكی فێنك

بێت و لێم باو بەڵام نەبوو.خانویەك بوو

بەتەمەن وەك پیرەمێردێكی سەد ساڵە و بەڵام

بە جەستە قایم و تۆكمە وبەتین، دیواربەردین،

لەناوەڕاستی حەوشەدا. شاتوویەكی گەورەی تیابوو.

شاتووی سپی پەل و پۆ دار، چڕ چڕ وەهتاو نەیئەدا

لەبنی و سەری چوو بوو بە ئاسماندا و پژوپۆی

هەتا ماڵە دراوسێ هاویشتبوو..

بۆ یەكەم جار بەوەوە هەڵیان سپاردم.

دوای پێنج شەش چركەیەك... لە پڕێكدا

قەلەباچكەیەك هات و لەسەر زینەكەم نیشتەوە.

دوو سێ دەنوكی لێدام و ئینجا پرسی:-

تۆ غەریبی ؟ تۆ چیت و كێیی؟!

ناوت چییە؟ منیش پێم وت:-

من میوانم.. ناوم پاسكیلە..

- تۆیش "توو" ئەخۆی ؟!

وتم : نەخێر..

وتی : كەواتە زۆر باشە نابی بەشەریكە بەشمان

بەخێر هاتن..

هەرئەوەندە و لێیدا فڕی!

شاتووی سپی.. سەرم نابوو بەقەدییەوە..  لەگەڵ شاتووی

خانەخوێدا..   بووین بە هاوڕێی یەکتری..شەوان

هەتاکو درەنگان شاتوو قسەی بۆ ئەکردم،

باسی شاروگەڕەك وکۆڵانەکان ومێژووی کۆنی

بۆ ئەکردم.. ئەیویست کەرکوك باش بناسم.

سەرم نابوو بە قەدیەوە

سەرم نابوو بەدڵیەوە وەکو ئەوەی سەرم نابێ بە دڵی

داڤینشیەوە..

گوێچکەم نابوو بە دیرۆك و بە خەمیەوە

گوێچکەم نابوو بەدڵیەوە

گوێم لە چینەکانی توێکڵ و

گوێم لە ڕازی عومری ئەگرت

گوێم لە چرپە چرپی گەڵا و

گوێم لە حیکایەتی قوڵی

ئاخاوتنی ڕەگی ئەگرت..

هەستم ئەکرد لە ژێرەوە ئاوی ژێر زەمین ئەبیستم

وەختێ لەگەڵ خاکدا ئەدوێ

هەستم ئەکرد لە ژێرەوە گوێم لە ئاسەواری کۆنە

لە کووپەی کۆن..

گوێم لە شەرابە لەوەختی پێکەنیندا..

گوێم لە دیزە و گۆزەی شکاوی

بەر لە دایك بوونی عیسایە..

گوێم لە پاردە و شوورەی قەڵاکانە

گوێم لە شمشێر و قەڵغانە

گوێم لە حیلەی ئەسپەکانە..

بەمجۆرە من ئێرەم بەرکەوت

بووم بە کورد و پاسکیلێکی کەرکووکیی

ئەو پاسکیلەی وەك ئەم شارە

وەك کەرکووك خۆی

پێچکەیەکم کورد زمانەو

ئەویترم تورکومانەو

پایدەرێکم بۆعەرەبەو

ئەوی ترم بۆئاشوری و

پردی نێوان پێچکەکانیش هی کلدانە..

کەرکووك و چێشتی مجێوەرلەیەك ئەچن

کەرکوك و پەلکەڕەنگینە وەکو یەکن..

لە "موسەڵا" بۆنی دارلیمۆ و تورکومان هەریەك بۆنن

لە "ئازادی" دوو ئاوانی دەنگی مەردان و مێژووی

"مەلا جەمیل" تێکەڵ بەیەك ئەبن..

لە گەڕەکی "حەدیدیەکان" شیعر و چیرۆکی عەرەبی

لە هێشووی دارخورما ئەچن..

لە ئێستادا، لەیەك کاتدا، ئەم کەرکوکە

چوار پێنج دەموچاوی هەیە

هەرئەم شارە خۆی یەکێکە و بەڵام

چوار پێنج عاشق و دڵداری هەیە...

بۆ یەکەمجار

کە ناوی کوردم گوێ لێبوو

گەیشتبوومە "ئەستەمبوڵ"

پاپۆڕەکە لە بەندەرێکی "بسفۆڕ"ی تەماویدا لەنگەری گرت

ئێمە پێنج پێنج پێکەوە بەسترابووینەوە

ئەبوو ئیتر داگیرێین..

کرێکار و حەماڵەکان هاتنە سەرێ

کردیانە هاژە هاژ و ژاوە ژاو..

ڕوویان کردە خانەی ئێمە

لەناو یەکدا بە زمانێکی زۆر غەریب ئەدوان

نە بولگاری بوو نە تورکی نە گریکی..

بە پاسکیلە سوورەی تەنیشتی خۆم ووت

ئەم زمانە ئەبێ چی بێت ؟!

تۆ پێشتر ئەمەت بیستووە؟

پاسکیلە سوورەکە وتی:

لەناوکارگەی ئێمەدا

لەبەشی "زین" چاککردندا

دوو سێ کرێکاری لێبوو

هەر بەم زمانە بوو ئەدوان

ئەمانە پێیان ئەڵێن : کورد !

یەکەم شەو بوو شاتوو وتی:

ماندوو نەبی و بەخێرهاتی..

گوێم لێبگرە

نەبادا توشی هەڵە بی

بۆ ئەوەی باشتر بیناسی

با ئەم کەرکوکەت لە ئێستاوە تەواو بۆ ڕوون کەمەوە..

تەماشامکە،

منی شاتوو نموونەیەکی بچووکم

بۆ ئەم شارەو

هەر لەو ئەچم

دانیشتوان و هاووڵاتیم

بەهەزاران چۆلەکەیە

لەناو گەڵاو لق و پۆپ وهێلانەمدا

گشت گەڕەکی شاری تیایە...

هەموو شەقام و کوچەیەك

لە قەڵاوە بۆ ئیمام قاسم

لە مجیدیەوە بۆ ئەوقاف

چۆلەکەی کورد

چۆلەکەی تورکومان

چۆلەکەی عەرەب

چۆلەکەی ئاشور و کلدان

هەر هەموویان ژیانیان لەناو مندایە

مردنیان لەناو مندایە..

لەیەك وەختدا من مزگەوت و كڵێسەشم

"قۆریات" و"خاوكەریشم"

من قەڵەمی"جەلیل قەیسی" و شیعرەكانی

"بەیاتی" م و قەڵەمی "لەتیف حامید"یش....

پەخشانی "هاشم سەراج" و شیعرە سەرمەست كەرەكانی"شێخ ڕەزا"یشم

منی شاتوو شاتووی یەك ڕەگەزی دیاری

چۆلەكە نیم..

چەترێكی یەكجار گەورەم و

دەستی هەموان هەڵیان داوم..

بابڵێین من گوڵدانێكم

بۆ هەموانە.. ئەم گوڵدانەش شارەكەیە

بەڵام ڕاستیەكی تریش هەیە

نابێ هەرگیز لە بیر بكرێت

من لە خاكێكدا ڕوواوم

مێژووی پڕ لە كارەساتە و

بارانی خوێنی خەڵكەكەی

هەمیشە بە لێزمە بووە

من ڕەگاژووی وڵاتێكم

هەتا ئێستایش.. سەری لەنێو تەمتومانی كارەسات و

دەست و قاچی لە بەرگری و بەرخودانە

ناوەکەیشی کوردستانە...

***

لە قەڵاوە، چوومە خوارێ..

چوومە دەرێ.. چوومە سەر ڕێ و بانی دەشتێ

نزیك بوومەوە لە گڕی بابەگڕگڕ..

ئەگێڕنەوە..

هەر لێرەدا، دێر زەمانێ زووتر زووتر

زۆر زۆر کۆنتر.. لە مەسیح و خاچی مەسیح

زۆر لە پێشتر پەرستگەیەك بۆ خۆم

هەبوو.. "ئەناهیتا" خواوەندێ بوو..

ئەناهیتای خواوەندی عەشق.. خودای هەتاو

هەموو شەوێ لە تەنیشتی "گڕگڕ"وە

لە پەرستگەی "ئەناهیتا"..

هەموو ڕۆژێ فرمێسکەکەی خواوەندی

عیشق و جوانی بەسەر خەڵکیدا ئەڕژا..

هەموو شەوێ ئەستێرەکان دائەبارین

ئەهاتنە ناو پەرستگاوە

دەمێك ئەبوون بە جۆگەلەی بەردەم ژووان و

دەمێکی تر بە چراکانی قوربانی..

ئەو ڕۆژەیان

لە قەڵاوە چوومە خوارێ

چوومە دەرەوەی شوورەی بەرد..

چوومە سەر ڕێ و بانی دەشتێ

نزیك بوومەوە لە گڕی تەلیسماوی بابە "گڕگڕ"

ئەگێڕنەوە.. ناوی کەرکووك

لەم ڕەگەوە، لەم"گڕگڕ"وە هاتووە..

ئەگێڕێنەوە.. هەرلێرەدا.. بەرلە مێژوو نووسینەوە

"ئەناهیتا" خواوەند بووە و بەدوودەستی پیرۆزەوە

هەموو ڕۆژێ شەراب وسێکس وەهەتاوی

بەسەر ژن و پیاوی بەرئاشقانەی

ئەم عەشقەدا بەشکردووە..

ئەگێڕنەوە لەسەر بورجی بەردی گەورەی پەرستگادا

بەگەورەیی وێنەی زێی ژن نەخشێنراوە

وێنەی زێی ژن پەرستراوە

ناوی یەکەم کانی حەیاتیان لێناوە..

ئەگێڕنەوە ئەگەر شەو، مانگە شەو بوایە

"ئەناهیتا" ڕووت ڕووت ئەهاتە دەرەوە ولەناو

ئاپورەی گەنجاندا..

لە چوار شانە و قۆزەکانیان یەکێکیانی هەڵئەبژاردو

لەبەر تریفەی نازداری مانگە شەودا

بۆ خۆی لەگەڵی جووت ئەبوو..

هەموو شەوێ لەم مەملەکەتی

ئەفسانە وتەلیسمەدا..

خواوەندەکان وەختێ ئەهاتن بەیەکدا

یان ئەو کاتەی تورە ئەبوون..

ئەبوو بە هەورە بروسکە و

بە باو بۆران..

خۆزیا ئەمرۆ لێرە ئەبوویت

تا شاییەکی ڕازاوەی

ناو پژوپۆی منی ببینی..

وەختێ ئاواتی دوو دڵدار

دوای وەیشومەو وەرزی ئازار

چۆن هاتنە دی..

خۆزیا ئەمڕۆ لێرە ئەبویت..

بەڵام ئەویش حکایەتێکی خۆی هەیە

من پێمخۆشە تۆیش بیزانی..

زۆر دەمێك بوو

چۆلەکەیەکی نێری قۆزی تورکومان

شەیدای کچە چۆلەکەیەکی کورد بوو بوو

کچە چۆلەکەکە هێندە جوان وشۆخ وشەنگ بوو

وەختێ ئەچووە بەرپەنجەرەی بەرزی گەڵا و

قژوشان وملی ڕووتی خۆی دەرئەخست

چۆلەکەی کوڕئاگری ئەگرت..

کوڕی چۆلەکە نەك جارێ بە دەیان جار

پەپوولە وهەنگ وکوکوختی و پەڕەسێلکەی

نارد بۆ خوازبێنی ئەو کچە و بەڵام

باوکی کەلەڕەقی ئەو کچە هەر نەیئەدا..

کوڕە چۆلەکەی تورکومان

لەسەرە ڕێی هاتووچۆدا

چەند جارێکیش لێدانی خوارد..

باڵیان شکان، کلکیان سووتان

بەڵام عەشقی ناو دەروونی

ئەویان هەرگیز نە ئەترسان..

ماڵی کوڕە چۆلەکەکە

پەنایان بردە بەر بازێك لەو شاخانە

لەبەرئەوەی وەختی خۆیشی بازعاشق بوو

وتی من بۆ خۆم دەچمە خوازبێنی..

ڕۆژێ لەگەڵ پۆلێ بازی هاوڕێی خۆیدا

هەموویان دەنوك قولاپی

چوون بۆ ماڵی کچی دڵدار

وەختێ باوکی کچە هات وتەماشای کرد

ئەو هەموو بازە وەستاون

لەترساندا لەرزی لێهات

زانی ئەگەر ڕازی نەبێ

چی بەسەر دێ..

بۆیە وتی : پیرۆزتان بێ..

*

وەختێ ئێوارە دائەهات

له جادەی گەورە بەولاوە

ئیترهەموو ڕێ و بانێکی ناو ئەم شارە

وەکو ترس، تاریك ئەبوون

وەلێ من بەهۆی لایتی

سەرناوچەوانی خۆمەوە

بەهۆی ئەو شەوقە گەشەوە

ڕێم دەرئەکرد..

هەتا خێرا و خێراتریش

بڕۆیشتمایە، هەردوو پێچکەم

شەوقی تەوێڵی زۆر ڕووناکتر

ئەیدا لەبەر دەمی ڕێگەم..

وەختێ ئێوارە دائەهات

لەسەر ڕێی گەڕانەوەمدا بۆ ماڵێ

ئەبوایە من بەلای گردێکدا تێپەڕم..

گردێك بە سامتر لەشەوی ناو دەربەندو

گردێك ترسناك چون مەرگ و

شپرزەیش وەك خەیاڵەکانی ناو سەرم.

ئەبوو بەوێدا تێپەڕم

بەلای "گۆڕستانی غەریبان" دا بڕۆم..

ساڵانێکە شەو لەدوای شەو

ساڵانێکە لەم گردەدا و هەرلێرەدا

بەسەدان هەتاوی سوورم ونجڕونجڕ

کراوه بەژێر خۆڵەوه..

جگه لەخوا.. نەشارونەکەس نەیزانی

ناویان چی بوو ؟!

جگه له خوا وئەمن وکەرکووك

نەمزگەوت ونەکڵێسه و

نه ئەنجومەنی پارێزگا و

شەقام وکۆڵانێك

نەیان زانی ئەو چیرۆکه گیراوانه

کەی بران و چۆن بران و چۆنیش مردن ؟

"گۆڕستانی غەریبان" به تەنها هەرهی کورده

خودای گۆڕستان ئەویش هەر

فرمێسکێکی چاوی کورده.

***

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی چوونه دەرەوەم بوو

که کەوتمەڕێ یەکەمین جار له سێبەری

داربیەکدا و لەکۆڵاندا

لەسەرحەسیرێکی ڕزیو ژنێکم دی.

پیره ژنێ گرمۆڵه بوو دانیشتبوو

لەوه ئەچوو نابینابێ وکەسی نەبێ.

له دڵی خۆمدا بەخۆمم وت:

ئەوه وێنەی بەرجەستەبووی

هەژارییه تۆ لەم شارەدا ئەیبینی..

پایدەرەکانم گوڕێکیان دایە بەرخۆ

گەیشتمە لای باخچەیەکی بچکۆلانە

بۆنێکی خۆش بەسەرما هات

بۆنی پەرژینێکی سەوز..

لەو کاتەدا تووشی پاسکیلێکی تر بووم

بەڵام ئەو پێستی قاوەیی وەی من ڕەش بوو

پێم وت: تۆیش هەر لە کۆمپانیای نەوتی؟

وتی: منیش هەروا

وتم : پاسکیلی کوردی؟!

وتی : نەخێر من پاسکیلی عەرەبم!

وتم : بەڵام هەمووومان کەرکوکین..

ئەم کەرکوکە جەواڵێکە

دەستی پیاکە هەرچی شتە لە ناویایە..

سەری مارومێرووی تیایە..

لەم کۆڵان وجادانەدا

لەم بازاڕوماڵانەدا

ڕەنگێك نییە بڵێ من ڕەنگی تاقانەم

دەنگێك نیە بڵێ من دەنگی تاقانەم

ئێرە باژێری جیاوازی پەیڤەکانە

خۆی یەك کەمانچەی گەورەیە و

بەڵام سەدا ودەنگ دانەوەی

بە.. سەدانە..

خۆی یەك دایكە

بەڵام كوڕوكچی نەوەی

بە هەزاران هەزارانە

***

گوێم لێ بگرە نەبادا توشی هەڵەبی

شاتوو وتی:

من ئازارێكی ڕواوم

پەل وپۆكانم هاوارو

هەمووگەڵاكانم چاون

من شاتوویەكی كەركوكیم

بەچەند زمانێ ئەدوێم و

لەسەر دەریایەكی نەوت هەڵتۆقیووم

لە ئێستادا گەورە شارم

كۆنترین و قوڵترین و درێژترین

لەبنی مندا ڕەگی قەوم و مێژووی

دوو ڕیشەیە

یەكەم : كوردە و

دووهەمیشیان توركومانە

لە ڕاستیدا بەر لە سەدساڵ

عەرەب هەر لەم ناوە نەبوو

من لە بیرمە بۆ یەكەمجار

ئەم برایانە كە هاتن

بەخۆیان و مانگا و ڕەوە گامێش و

چەند ڕەش ماڵێکەوە هاتن

ئەوان زیاترمیوانێکی بەپەلە بوون

کەچی دواتر ئەم هاتنە بوو بە بەرنامە و بەپیلان

ئەوان ببنە خاوەن ماڵ و ئێمە میوان.

-٣-

بەدوای "ئاگر"ی ڕۆحا هەر ئەڕۆم و

دەمێك ئەبم بە شیعری گەڕیدەی

"حسێن مەردان" و دەمێکی تر ئەبم

بەبای وەشتی هۆنراوە قرمزیەکانی "هرمزی" !

وەلێ من و بای وەشتی خوێناوی

ئەبین بەوگۆرانیانەی تێکەڵی

"قۆریاتی" تورکومانی "ناو قەڵا" ئەبینن و

هەردوو پێکەوە، لە گزنگی بەیانیدا

ئای ئای وخاوکەروبەستەی میلی ئەڵێنەوە..

کەرکوك بۆخۆی ملوانکەیەکەوهەر

دەنکێکی لە ڕەنگێکە و وا لەملی

نیشتماندایە..

گەڵاکانی ئەم شاتووە ئەگێڕێتەوە

تەنانەت لە دامەزراندنی

ئەم دەوڵەتی "عێراق" ەدا

لە ڕێڕەوی ئەم ڕووبار و

زۆرینەی جۆگەکانی ئەم ناوچەیە و

تەنانەت شارەکەی بابانیش

نەیانویست و بە چۆکدا نەهاتن بۆ

ئەوەی "شا فەیسەڵ" بکەن

بەبەرزترین باڵای گوڵاڵە بینیی

ئەم وڵاتە !

نهێنی ونش ونمای ئێمە ئەوەتا لە خۆشەویستیە

گەورەکەی ناو ئاگری ڕۆحی ئەم خەڵکە.. و

ئەوەتا لەناو دەنگی "مەردان" و"داودە"دا،

ئەوەتا لەناو پێکەوە ژیانی برایانە و

لەم ڕۆژەیشدا لە هەر

هەمووومان پیرۆزتر

کەرکوکە!..

گوێم لێ بگرە نەبادا توشی هەڵەبی

بۆ ئەوەی باشتر و باشتر

ئەم کەرکوکە بناسی

ئەبێ گوێ لە ژانی قووڵی

ڕەگ وهاواری پەل و پۆکانم

بگری..

ئەبێ گەڵاکانم بخوێنیتەوە

تەماشات تێکەڵی تەماشای

سەوزی چاویان بکەی..

ئەبینی لە دێر زەمانەوە

ئەم خاکی "گڕگڕ"ەیە

هەر گڕی ئاگردانی ئەردەڵانیەکان

بووە هەرئەوان لاوکی ڕۆحی

کەرکووك بوون و پاشای مەملەکەتی

"گڕگڕە"....

هەر ئەوان بوون پێناسەی هەموومانیان

لە چاوەکانی کەرکووك دا هەڵگرتبوو..

هەمووومان بەشێکمان لە جەستەی

خۆمان پێ بەخشیوە..

شاتوو وتی:

ئەی پاسکیلی تازە میوان

گوێم لێ بگرە نەبادا توشی هەڵەبی..

ئەم مێژووە کۆنەو تاکو ئێستایش

کۆتایی پێنەهاتووە.

یەکەمین هەوڵ بۆ "تەعریب" کردن و پچڕاندنی

ئەم ملوانکەیە..

لەسەردەمی وەزارەتەکەی "یاسین هاشمیدا"یە

بەجێگیرکردنی عەشائری

"عوبێد"ە

لە ناوچەی "حەویجە"..

وەك ئەو مۆرە ڕەشە وایە

کە جەنەڕاڵ "مارشاڵ" دای لە تەوێڵی

ئازادی ئەم کەرکوکە

لە هەزار و نۆسەد و هەژدە !..

ئاخر سەروسیمای ئازادی دانا پۆشرێ

گڕی ئاگرەکەی کەرکووك داناپۆشرێ

سوراوی لێوی شاتووەکان لانادرێ..

چی لەگەڵ ئازادی هەورا ئەکرێ ؟!

چی لەگەڵ لەشی ئاگری ڕووت و برووسکە و

پرچی درێژی پەلکە زێڕینەو گۆرانی و

ئای ئای وخاوکەری گەرمیاندا ئەکرێ؟!

ئاخر ئاگری جەستەی ئەم کەرکوکە چۆن بە مۆری

"مارشاڵ" ئەکوژێتەوە.. ؟

بەدوای"ئاگر"ی ڕۆحا هەر ئەڕۆم

ئەمە سەفەری مێژووی خوێناوی

کەرکوکی ئێمەیە.. وەختێ کەرکووك

ئەبێ بە خۆشەویستی و ئەو

خۆشەویستیەیش ئەبێ

بە فەرزی

دڵی هەموو کوردان و

بەو زەریایەی

کە ناوی ئازادییە..

***

چونە دەرەوەی شەوانەم بەردەوام بوو..

پایەدەرجەستەی بزواندم وکەوتمە ڕێ..

کەس بە دەرەوە نەبوو، گەیشتمە نزیکی قەراغ شار..

سامناك سامناك، چومە "گۆڕستانی غەریبان"..

گۆڕستانی غەدرەکان هێندە زۆرن

نە داد ودادگا، نە عەرد و ئاسمان،

نە نێڵە نێڵی ئاگرونە پووکە پووکی ئاو و

نەمێژوو، نە خواوەند ناتوانن بیژمێرن..

غەدرەکان لە تاریکیدا دەرئەکەون،

ئەو کاتەی شەو ئەنوێ و ترس ئەبێتە لانکەی خەو !!

غەدر، غەدر.. کۆن و تازە

غەدرەکان تەنها نین، شای سیاسەت و

پاڵتوی جەنەڕاڵ و شمشێری خەلیفە و تەختی

فەیسەڵ و تاج و نەجمەی عۆجە و جەڵدەکانی

مەچەکی شەوەزەنگیان لەگەڵە..

لە ناو شەوە زەنگی غەدرا لە کۆمەڵێ کێل

وردبومەوە..

غەدر ئەمخوێنێتەوە غەدر..

هەر چۆن ئاگر، بابەگوڕگوڕ بخوێنێتەوە..

هەر چۆن پەتی سێدارە

ملی "٢٧" جوانووی کورد و شینە شاهۆیەکی تورکومان

لەساڵانی ١٩٦٣ دا بخوێنێتەوە.. وایە !

لەو "گۆڕستانی غەریبان"ە

غەریبی ئەمنوسێتەوە.. !

مەرگ ڕووناکی کوێرە.. !

هەر لە تاریکی گۆڕی غەریبانا ئەمخوێنێتەوە..

نە مۆمی ڕووناکی ئەوێ و نە تریفەی مانگە شەو..

ئەو وەختەی خوێن ڕەشە و غەدر سوورە !

ئەو وەختەی "محمد ئەمین شەربەتچی" لە بەردەم

دووکانەکەی خۆیدا خەڵتانی یەکەم تیرۆرە.. !!

هەموو شەوێ کە ئەستێرەکان

دائەبەزن بۆ ئەم "گۆڕستانی غەریبان"ە

ئینجا منیش ملی ڕی ئەگرم و دێمەوە بۆ لای

شاتووەکەیماڵەوە.. !

لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم

ئەمجارە بەناو گەڕەکە ڕووخاوەکانی

"کۆماریی" کوردە هەژار نشینەکاندا

تێ پەڕیم..

هەر ئەڵێ ی:

دەستی غەدر لە نێڵە نێڵی گوناهدا

گۆشی کردووە..

ئازار و گەڕەکە ڕووخاوەکانی "کۆماریی"

دووانە بوون.. پێکەوە گەورەبوون !

خاك خۆی جێگیر بوو، ئەم كردی بە كۆچەر!

دەنگی ئازار لە پێشدا نووزەیەكی بچووك بوو

بەڵام ئەم كردی بە هاوار !!!..

گەڕەكی "كۆماریی"

پیاوەكانیان بۆنی هەژارییەكی ڕووتەڵە و

ژنەكانیان بۆنی ڕیحانە و بۆنی

ساكاری ئاویان لێ دێ..

منداڵەكانیان بۆنی

فرمێسكی خۆڵاویی..

باران نمە نمە بوو، ئەم كردی بە سێڵاوی خنكاو..!

كە ئەم ڕووخا .. وەرین هات و

ئومێد ڕژا.. هیوا شكا..

خۆر وەری و ئاو سووتا و،

با خنكاو، تەرمەكەی خۆمی بە خۆم

ناشت.. لێرەدا.. !

-٤-

چوونە دەرەوەی ڕۆژانەم بەردەوام بوو..

ئەمجارەیان، وردە وردە دابەزیم و خل بوومەوە

تا كوچەكانی شەوە زەنگ و تاریكیی

بۆلای پشكۆكانی

وەجاغی چایخانەكانی

"حەسیرەکە و جووت قاوە"..

هەرچی دەنگێکم ئەبیست

هەرچی ڕەنگێکم ئەبینی..

هەرچی چاوێك.. هەرچی باڵایەك

هەرچی پاسکیلێك.. هەرچی پاسکیل سوارێك..

هەر پیاو بوون..

کتری پیاو وپیاڵە پیاو ودۆمینە وتاوڵەکانیش

هەر هەموو پیاو !..

کارگە پیاو و زەریا پیاو وبەندەر و

کەشتیەکانیش کە پێی هاتم بۆ ئێرە

هەرهەموو پیاو !

هاتمە دەرێ..

خۆم بە خۆم ووت :

ئەم چیرۆکە ئەبەمەوە بۆ لای

شاتووەکەی ماڵێ.. !

**

کە هاتمەوە ماڵێ.. هەموویم بۆ شاتووەکەی ماڵێ

گێڕایەوە..

شاتووەکە وتی :

تۆ لەوانە بگەڕێ !

ئەگەر ئەتەوێ لەم شەوگاری چاوچاو

نەبینەدا و لەم بیابانی گڕەدا..

بتەوێ مۆسیقای بەردەمی باران و

کراسی کیژۆڵەی بزێو و سەمای

پشتێنی سەوز و سووری کوڕ و کچی ئێرە ببینی..

بۆ ئەوەی پێکەنینی ئەوینی

"ئەستێرەکان" لە "بیابانی" زەریای

شین دا ببینیی..

ئەبێ ئاوێزانی چاوی

شانۆی سینەما ڕەش بەڵەکەکانی

"حەمرا" و "ئەتڵەس" و "نجووم" بیت..

***

وا ئیستە یادەوەری ئەم شارە وەك

دارتووی حەوشەکەت هاتۆتە

ناختەوە..

وا ئیستە یادگاری تاڵ و شیرینی ئەم

شارە وەکو ڕووناکی

سەر تەوێڵت و وەك پایدەری

جەستەت لەگەڵتە..

وەك پەلکە زێڕینە لە بەردەم ئاسۆی

ڕابوونتا وەستاوە..

چون هەور

چاوەڕوانی بروسکەی باران و

تروسکەی چرای هیواکانتە..

ئەم ئێوارەیە پاسکیلەکە نەچووە دەرەوە..

سەری نابوو بە دڵی شاتووەکەوە هەر وەك ئەوەی سەری نابێ

بە دڵی "داڤینشیەوە".. ئەیویست سەرگوزەشتەی

ڕووداوەکانی ١٤ تەمموزی "١٩٥٩" ی بۆ بگێڕێتەوە !

ئەو ڕۆژەی ساڵێك بەسەر شۆڕشێکی زۆر پیرۆزدا تێپەڕیبوو.

ئەمشەو دوای نوستنی ئێوارە

لەباوەشی تاریکی ئەم

حەوشەیەدا..

دوای نوستنی باڵندەکانی لە

پێخەفی گەڵای چاو تەڕی هەناوێکی

ماندوودا..

شاتووەکە دەستی کرد بە گێڕانەوەی

دیرۆکێکی سووری سەر بە تارای لە گوڵی

شاتوو چووی خۆی..

لە سەرەتای ڕاستە شەقامی ئەتڵەسدا

لە ناوەڕاستی تەمموزدا

ئەو کاتەی گەرما

ئارەقەی بە بەردو شەقامەکان دەکرد

کۆمەڵێك لە ئازادی خوازانی شار

کەوتبوونە ڕێ و

گۆرانیان بۆ خۆشەویستی و ئایندەیەکی چاکترئەوت

بە سرودی برایەتی گوڵ بارانی شاریان دەکرد

لەو کاتەدا و زۆر کتوپڕ

لەسەر شۆستە و دووکانەوە

لەناو ئاپۆرەی خەڵکەوە بوو بە تەقە

تەقەی مەرگ و تەقەی لە گۆڕنانی ئاشتی

تورك شەهید بوو، کورد شەهید بوو

کەس نەیدەزانی ئەم ڕەشەبای کارەساتە لە کوێوە هات

کێ ئاگری بە دڵی ئاشتیەوە ناو

لە باتی دەست لەمل کردن

گیانی ڕق و تۆڵەی لە دڵی هەردولادا ناشت...

ئەوان هەموویان شەهیدن

ئیتر ئەو کۆترە کوژراوانە

لەهەر ڕەگەزێکی تر بن

چارەنووسی ئەم خاکە دیاری ئەکەن و

ئەوە دەنگی ئەوانە کە ئێستاکە

بڵندگۆی ئازادییە و لە

گوێی شاخ و دەشت و ڕووباردا

ئەزرنگێتەوە.. !

هەر شەهید لە "گەڕەکی ڕەحیم ئاوا"

گەورەتر و بەرینترە با ناوەکەشی بگۆڕن

بە "ئەندەلوس"

هەرشەهید لە قەڵای کەرکووك

بەرزتر و لە ئاگری بابەگوڕگوڕ

به بڵێسەو بەتین ترە..!

"هەرشەهید باڵای بەقەد باڵای کوردستانە"

باناوی هەرچی قوتابخانەی کوردستانە

بیشیگۆڕن

بە "عبدالملك بن مەروان"..

ئەوان ناتوانن هەرگیز

داگیری بکەن

مێرگی بەهرە و کەپری زمان..

-٥-

وەختێ خەیاڵ دەستی مەراق ئەخاتە

ژێر چەنەی یادگار.. !

وەختێ ئەم شاعیرەی پارکی ئازادی نیشتمان

وەك دیمەنی ناو خەوێکی هەرگیز

بە خەیاڵدا نەهاتوو

ئاوا ئەبێ.. وئاسمانی خۆی

جێدێڵێ..

ئاخر ئەستێرە نامێنێ، هەورنامێنێ، و

تا باڵندەی عەرشی خوایش، هیچ نامێنێ

لە کۆتەڵیا.. هەموو بە کوڵ نەگرین وەکو لێزمەی باران،

هەر ئەو فرمێسکانەی لێزمەی باران بوون بە

گەڵا و

گەڵا کەوتە سەر برین و بوون

بە چرای پارکی ئازادی..

ئاخر تۆ ڕووناکی زمانێکت بۆ ئێمە چاند..

هەتا ئەبەد ئێمە ئایندەی خۆمانیی

تێدا ئەبینین..

***

شاعیرێ لە من، لە شیعری گریاوی من و

فرمێسك ڕێزانێ لە چاوم و

خەونی ترساویشم لە ڕۆژەکانی

چواری هەشت!

ڕەنگ پژانێ لە ئاخ و ئاوێنەی شکاوی بەخت و

هەڵوەرینێ لە بەفری "قوتب" و

ژاکانێ لە گوڵەکانی ناو بەفر و

لاوانەوەیەك لە بارانی ووشك و

تەنیاییەك لە دایکم و کسپەیەك

لە ڕۆحی "شەفیقە سەعید" ی ئازیزێ..

وەیلێ.. وەیلێ.. وەیلێ..

وەیلێ لە پارکی ئازادی

وەکو ئاخی تەوێڵی گۆیژەی بەرامبەری

ئەو دەمەی کسپە ئەیا لە ڕۆحی..

وەیلێ لە ڕۆژە کوژراوەکانی مانگی ئاب

لە ڕەنگی کوژرانی چواری هەشت
کە هەرچی ڕەنگە ئاوارەی ئەکات..
وەیلێ لە دایکم.. وەیلێ لە خوشکەکانم
کە بۆنی تەنیایی لە گۆشەی
عومری پەرت پەرت بویاندا
وەك ئاوێنەی بەختیان
بێدەنگ، بێدەنگە.
وەیلێ لە خۆم! ئاوابوونێ لە خۆم !
پەرت بوونێ لە خۆم!
خۆم لە شێر و شێر لە کۆ و
"کۆیش" لە هەناسەی ساردی شیعر و
هەناسەی سارد لە بێکەسی و
بێکەس لە کورد و
کوردیش لە تەنیایی و
تەنیایش لە خوا !
وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ..
ئەی شاتووەکە
من سەفەرئەکەم و تازە سەفەر بووە
بە چارەنووسی ئەبەدیم!
ئەو هاتن و بەیەك گەیشتنەی

من و تۆ

تراویلکەی خەونێ بوو لە ناو ئاگری

"گڕگڕەی" ئێرەدا؟!

یان ڕێکەوتێکی تاروماری

لە تەوێڵ نوسراوی هەردووکمان؟!

ئەم ڕێکەوتە کوێرانە چین بە خێرایی دێن و

ئارەزووەکانی نێو ناخمان

ئەتارێنن وئەیسپێرن بە تاریکی!

ئەی شاتووەکەی جریوەی یادگار!

خۆزیا ئەم باڵا سەوزەتم نەبینیایە..

خۆزیا ئەم ڕۆحە سوورەتم نەبینیایە..

خۆزیا تەوقەم لەگەڵ لق و گەڵاتا نەکردایە

خۆزیا لە نزیکەوە ئەو سێبەری

خۆشەویستییەتم نەناسیایە و

نە لە ئەستێرکی چاوت و نە

لە شەربەتی شاتووی ڕۆحتم تام نەکردایە..

من ئەبێ بڕۆم بۆلای شاعیرەکەی

پارکی ئازادی نیشتمان..

من ئەمەوێ بڕۆم لەگەڵ ئێوارەیەکی زۆرغەمگینا

کە خەریکە، سەر ئەنێتە ژێر گەواڵە هەورێکی

خۆرنشین..

من ئەمەوێ تۆ لەسەر گەڵاکانی

تەوێڵی خۆت و

بە ناسکترین لاسکی پەنجەکانت

ئەم یادەوەریانە تێکەڵی خاك بکەی و

بە شێوەیش هەر لە چاووقژی خۆی بچێ !..

ئەم یادەوەریانە تێکەڵی بەرد بکەی و

بە شێوەیش هەرلە چێژی

ئازار وهاواری خۆی بچێ!..

ئەم یادەوەریانەم بۆ بپێچە

لەگەڵای سەوزی ڕۆحتەوە با منیش

هەربەکاڵای کڵپەداری ئەوینی

ئاگرەکەی کەرکووکەوە بڕۆم..

قۆڵ لە قۆڵی خەزاندا.. ئەڕۆم..

هەر بە هەوای ئەو مۆسیقا خەمبارانەی

لە چواری هەشتا لە پارکی ئازادی لێیان دا

کە تا ئێستایش پایز بۆ

تەنیایی درەختەکانی

ئێرەی ئەژەنن.. ئەڕۆم

*

ئەڕۆم

سەفەرێکی تازەم لەبەرە..

سەفەرێکی هەتاهەتایی..

سەفەرێکی بێ کۆتایی..

سەفەرێ بە سواری ئەو "پاسکیلەی" کە

یادەوەرییەکانیت بۆ تەواو نەکرا..

سەفەرێ بە سواری کۆچی ناوەختی

چواری هەشت.. کە پاشکۆی

یەك شەمەیەکی هەتاو کوژراوبوو..

ئەڕۆم.. ئەڕۆم

سەفەرێ کت و مت وەك سەفەری

"ئامەد"ێکی "گەرمیان" کوژراو

بەناو بیرەوەرییەکانی باوکییدا..

من ئەڕۆم و"ئێستا پارکی ئازادی نیشتمانمە"

ئەڕۆم.. و دیاری دەستیشم بۆ

پارکی ئازادی نیشتمان

ئەم "یادەوەرییانەیە" کە ئەیبەم و

بەسەر هەورەکانی ئەویندا و

وەك بای وەشت و خاکی تینوو

تێکەڵیان کەم:

لە داربەڕووی سوور

لە مانگی سەوز

لە عەشقی ئاووگڵ

لە بنچکی ڕووتەڵەی تینوو..

لە ئەستێرەی زامدار..

لە ئاوازی نۆتە کوژراو..

له باڵندەی باخی گوندێکی ڕاگوێزراو..

له یادگاری دایکێکی له ئەنفالدا سك سووتاو..

له داربییەکی ڕووتەڵەی تەوار کوژراو..

دوور دوور ئەڕۆم

بۆ لای ئاووگوڵ ودرەخت و ڕۆحی

شاعیرەکەی پارکی ئازادی نیشتمان

ڕۆحی ئەو شاعیرەی

که هەرگیز

نه ئەژاکێ و

نەسیس ئەبێ و

نه ئەوەرێ و

نه ئەیشمرێ...!